# مۆرفۆفۆنیمی ( س ) لـە شێوەزاری خانەقیدا

د. ئومێد بەرزان برزو
کۆلێژی پەروەردەی کەلار / زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

توێژینەوە لەزانستی زمانو دەستنیشانکردنی یەکە زمانییەکانو ئاستەکانیان مایەی گرنگیدانی زمانەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستنیشانکردنی یەکە زمانییەکانو خستنەڕوی تایبەتمەندیو یاساکانیان لەسنوری ئاستێکدا کاری زمانەوان ئاسان دەکات، بەڵام ئەم یەکانە دەپەڕنەوە بۆ ناو ئاستەکانی ترو تێکچڕژان لەنێوان ئاستەکاندا دروستدەکەن، بۆ نمونە هەندێ لەفۆنیمەکان لەفۆنۆلۆجیی زمانێکدا دەپەڕنەوە بۆ ناو ئاستی مۆرفۆلۆجیو وەکو مۆرفیم بەشداری لەداڕشتنی وشەی نوێدا دەکەن، یان ئەرکی ڕێزمانی لەڕستەدا دەبیننو یەکەی مۆرفۆفۆنیمی دەنوێنن. مەبەست لەمۆرفۆفۆنیم (مۆرفۆفۆنۆلۆجی) لقێکی زمانەوانییە، ئاماژە بۆ شیکردنەوەو پۆلینکردنی هۆکارە فۆنۆلۆجییەکان دەکات، کە کاریگەریی لەسەر دەرکەوتنی مۆرفیمەکان دەکەن، یان هاوشێوەی هۆکارە ڕێزمانییەکانن، کە کاریگەریی لەسەر دەرکەوتنی فۆنیمەکان دەکەن[١]. بەم پێیە مۆرفۆفۆنیم وەك ئاستێکی ناوەند لەئەنجامی پەیوەندیو تێکچڕژانی نێوان هەردو ئاستی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجی دێتەئاراوە. واتە ئەو مۆرفیمانەی لەشێوەی فۆنیمێك خۆیان دەنوێنن، مۆرفۆفۆنیم دروستدەکەن[٢]. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو مەبەستە هاتوتەکایەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

سودو گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە کۆمەڵێك ئەنجامی نوێی لەبارەی مۆرفۆفۆنیمی (س) لەشێوەزاری خانەقیدا خستوەتەڕو، کە خۆی لەئاستەکانی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجی دەبینێتەوە کە لەناو ئاستی سینتاکسدا شیکراونەتەوە، هەروەها هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتی ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەیەوە بەئەنجام گەیەنراونو بۆچونی جیاوازییان خستوەتەڕو.

**سنوری توێژینەوەکە :**

سنوری توێژینەوەکە لەئاستی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجیدایە، هەروەها سودمان لەئاستی سینتاکس وەرگرتوە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی توندیان بەئاستی سینتاکسەوە هەیەو لەناو ئەم ئاستەدا وەسفکراونو شیکراونەتەوە.

**ڕێبازو کەرەستەی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە پەیڕەوکراوە، نمونەی ناو باسەکەش لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی شێوەزارەکەوە وەرگیراون.

**پلانی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە لەدو بەش پێکهاتوە:

لەبەشی یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر ناوبڕی (س) لەنێوان دو دەنگی بزوێندا، کە وەك دەنگێکی نویٚ پەیدادەبێت، ئەمەش یەکێکە لەیاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، کە بەیاسای (پەیدابونی دەنگ) ناودەبرێت.

لەبەشی دووەمدا باس لەمۆرفیمی (س) کراوە، کە وەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لەپێکهاتەی چەند کردارێك دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش یاسای داڕشتنی هەریەکە لەو کردارانە خراوەتەڕو.

**سەرەتا :**

فۆنیمی /س/ یەکێکە لەفۆنیمەکانی شێوەزاری خانەقیی زمانی کوردی، ئەم فۆنیمە دەتوانێت وەك دەنگێکی ناوبڕ لەنێوان دو دەنگی بزوێندا دەربکەوێت، هەروەها ببێتە مۆرفیمی کاتی ئێستاو بەشداری لەداڕشتنی هەندێ کرداردا بکات، ئەم باسەش بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی مۆرفۆفۆنیمی (س) لەشێوەزاری خانەقیدا تەرخانکراوە.

**بەشی یەکەم// ( س ) دەبێتە دەنگی ناوبڕ[٣] :**

یەکیٚ لەیاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی پەیدابونی دەنگێکی نوێیە لەنێوان دو دەنگدا، ئەو دەنگە نوێیەش کە دێتە نێوانیانەوە، دەبێتە هۆی کار لەیەکدیکردنی دەنگەکان[٤]. ئەم دەنگەش دەبێتە ناوبڕ. ناوبڕیش دەنگێکە ئەکەوێتە نێوان دو دەنگی بزوێن، یان دو دەنگی هاوشێوە کە گۆکردنیان ئاسان نەبێت، بۆیە ناوبڕ پێویستییەکی دەنگسازییەو ئەرکی ئاسانی گۆکردنە[٥]. لەشێوەزاری خانەقیدا دەنگی (س) وەك دەنگێکی ناوبڕ لەنێوان دو دەنگی بزوێندا دەردەکەوێت، بۆئەوەی هێشوە بزوێن دروست نەبێت، بەم شێوانە:

ا- ئەو کردارە داڕێژراوانەی کە پاشگری دوبارەکردنەوەی (ەو)یان چووەتەسەر، وەك (کردنەو ، بردنەو ، خواردنەو ، هاتنەو ، چینەو ، ... تاد)، لەکرداری ڕابردوی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا، دو دەنگی بزوێنی (ە) دەکەونە پاڵ یەك، بۆیە ناوبڕی (س)[٦] لەنێوان (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستاو (ە)ی پاشگری (ەو)دا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| من هاتمەسەو. | (من هاتومەتەوە) |
| ئازاد ئاوەگە خواردیەسەو. | (ئازاد ئاوەکەی خواردوەتەوە) |
| داڵگم چییەسەو ئەرا خانەقی. | (دایکم چووەتەوە بۆ خانەقی) |
| ئەوان وازییەگە بردنەسەو. | (ئەوان یارییەکەیان بردوەتەوە) |

کرداری ڕابردوی تەواوی داڕێژراوی هەواڵی ⟵ ڕەگی ڕابردو + نیشانەی کات + جێناوی لکاو + ئێستا (ە) + ناوبڕ (س) + پاشگری (ەو)

(مۆرفیمی)

**یاسای ژمارە -١-**

ب- فرێزی پێشناوی کە بەیارمەتی (پێشناوی (وە) لەگەڵ ناوێك یان جێناوێکی کەسی)، یان ئاوەڵکرداری شوێنی کە بەیارمەتی (پێشناوی (ئەرا) لەگەڵ ناوی شوێندا) دروستدەبن، لەگەڵ ئەو جۆرە کردارانەی لەڕابردوی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا دەردەکەون و چەمکی گوێزانەوە دەگەیەنن، ئەو کاتە پێشناوی (وە ، ئەرا) بەجێگرەپێشناوی (ە) جێگیردەکرێن، بەمەش ناوبڕی (س) لەنێوان (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستاو (ە)ی جێگرەپێشناودا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

ئازاد بییەسە پیاو. (ئازاد بووەتە پیاو)

ئەوان قەڵەمەگە دانەسە من. (ئەوان قەڵەمەکەیان داوەتە من)

دوێتەگە چییەسەماڵەو. (کچەکە چووەتە ماڵەوە)

| کرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵی | ⟵ | ڕەگی ڕابردو + | نیشانەی کات + | جێناوی لکاو + | مۆرفیمی ئێستا (ە) + | ناوبڕ (س) + | جێگرەپێشناو (ە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

**یاسای ژمارە -٢-**

**بەشی دووەم// ( س ) دەبێتە مۆرفیمی کاتی ئێستا :**

مۆرفیمی (س) لەداڕشتنی هەندێ کرداردا دەردەکەوێت، بەم شێوانە:

ا- مۆرفیمی (س) بەشداری لەداڕشتنی کرداری ناتەواوی (بین و داشتن) دەکات، ئەمەش لەسێ جۆر بەکارهێنانی جیاوازدا دەبینرێت، ئەمانەن:

**١- بونی بونایەتی (کینونە).**

**٢- بونی هەبون (تملك).**

**٣- بونی هەیی (وجود).**

هەریەکە لەم جۆرانەش بۆ سێ کاتی جیاواز بەکاردەهێنرێت، لێرەدا تەنها کاتی ئێستای ئەو کردارانە دەستنیشان دەکەین، کە ئەم مۆرفیمە بەشداری لەداڕشتنی کردارەکانیاندا دەکات.

**١- کرداری بونی بونایەتی بۆ ئێستا :**

لەم شێوەیەی کرداردا، تەواوکەرو ڕەگی ڕانەبردوی کرداری (بین)و مۆرفیمی کاتی ئێستاو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بەشداری لەداڕشتنی کردارەکەدا دەکەن، بۆ نمونە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | تەواوکەر | ڕەگی کردار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من شاتڕم. | من | شاتڕ | Ø | Ø | م | (من زیرەکم) |
| تو شاتڕی. | تو | شاتڕ | Ø | Ø | ی | (تۆ زیرەکی) |
| ئەو شاتڕە. | ئەو | شاتڕ | Ø | ە | Ø | (ئەو زیرەکە) |
| ئیمە شاتڕیمن. | ئیمە | شاتڕ | Ø | Ø | یمن | (ئێمە زیرەکین) |
| ئیوە شاتڕن. | ئیوە | شاتڕ | Ø | Ø | ن | (ئێوە زیرەکن) |
| ئەوان شاتڕن. | ئەوان | شاتڕ | Ø | Ø | ن | (ئەوان زیرەکن) |

لەو ڕستانەی سەرەوەدا مۆرفیمی کاتی ئێستا بۆ هەمو کەسەکان دەرناکەوێت، تەنیا لەکەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت، لەکاتێکدا ئەگەر تەواوکەری کردارەکە بەدەنگێکی نەبزوێن کۆتایی هاتبو، ئەوا مۆرفیمی کاتی ئێستا لەشێوەی (ە) دەبێت، بەڵام ئەگەر تەواوکەرەکە بەدەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتبو، ئەوا مۆرفیمەکە لەشێوەی (س)(٧) دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | تەواوکەر | ڕەگی کردار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من ماموسام. | من | ماموسا | Ø | Ø | م | (من مامۆستام) |
| تو ماموسای. | تو | ماموسا | Ø | Ø | ی | (تۆ مامۆستای) |
| ئەو ماموساس. | ئەو | ماموسا | Ø | س | Ø | (ئەو مامۆستایە) |
| ئیمە ماموسایمن. | ئیمە | ماموسا | Ø | Ø | یمن | (ئێمە مامۆستاین) |
| ئیوە ماموسان. | ئیوە | ماموسا | Ø | Ø | ن | (ئێوە مامۆستان) |
| ئەوان ماموسان. | ئەوان | ماموسا | Ø | Ø | ن | (ئەوان مامۆستان) |

کرداری بونی
بونایەتی ⟵ تەواوکەر + ڕەگی ڕانەبردوی (بین) + مۆرفیمی ئێستا + جێناوی لکاو
بۆ ئێستا Ø (ە/س)

یاسای ژمارە -٣-

**٢- کرداری بونی هەبون بۆ ئێستا:**

ئەم کردارە بەهۆی تەواوکەرو مۆرفیمی خاوەنداری (هە)و ڕەگی ڕانەبردوی کرداری (داشتن)و مۆرفیمی کاتی ئێستاو جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم دادەڕێژرێت، بۆ نمونە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | تەواوکەر | مۆرفیمی خاوەنداری | ڕەگی کردار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| من پارە هەسم. | من | پارە | هە | Ø | س | م | (من پارەم هەیە) |
| تو پارە هەست. | تو | پارە | هە | Ø | س | ت | (تۆ پارەت هەیە) |
| ئەو پارە هەسی. | ئەو | پارە | هە | Ø | س | ی | (ئەو پارەی هەیە) |
| ئیمە پارە هەسمان. | ئیمە | پارە | هە | Ø | س | مان | (ئێمە پارەمان هەیە) |
| ئیوە پارە هەستان. | ئیوە | پارە | هە | Ø | س | تان | (ئێوە پارەتان هەیە) |
| ئەوان پارە هەسیان. | ئەوان | پارە | هە | Ø | س | یان | (ئەوان پارەیان هەیە) |

کرداری بونی
هەبون ⟵ تەواوکەر + مۆرفیمی خاوەنداری + ڕەگی ڕانەبردوی (داشتن) + مۆرفیمی ئێستا + جێناوی لکاو
بۆ ئێستا (هە) Ø (س)

یاسای ژمارە -٤-

**٣- كرداری بونی هەیی بۆ ئێستا:**

ئەم کردارە بەهۆی مۆرفیمی خاوەنداری (هە)و ڕەگی ڕانەبردوی کرداری (داشتن)و مۆرفیمی کاتی ئێستاو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم دادەڕێژرێت، بۆ نمونە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | مۆرفیمی خاوەنداری | ڕەگی کردار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من هەم. | من | هە | Ø | Ø | م | (من هەم) |
| تو هەی. | تو | هە | Ø | Ø | ی | (تۆ هەی) |
| ئەو هەس. | ئەو | هە | Ø | س | Ø | (ئەو هەیە) |
| ئیمە هەین. | ئیمە | هە | Ø | Ø | ین | (ئێمە هەین) |
| ئیوە هەن. | ئیوە | هە | Ø | Ø | ن | (ئێوە هەن) |
| ئەوان هەن. | ئەوان | هە | Ø | Ø | ن | (ئەوان هەن) |

کرداری بونی هەیی بۆ ئێستا ⟵ مۆرفیمی خاوەنداری (هە) + ڕەگی ڕانەبردوی (داشتن) Ø + مۆرفیمی کاتی ئێستا (س) + جێناوی لکاو

**یاسای ژمارە -٥-**

ب- مۆرفیمی (س) بەشداری لەداڕشتنی کرداری ڕابردوی تەواوی بکەردیارو بکەرنادیاری هەواڵیدا دەکات، ئەمانەن:

**١- کرداری ڕابردوی تەواوی بکەردیاری هەواڵی:**

ئەم کردارە لەڕەگی ڕابردو و نیشانەی کاتی ڕابردو و نیشانەی کرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵی (ی)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمو مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/س) پێکدێت، ئەگەر نیشانەی کاتی ڕابردو (د ، ت ، ی) بو، ئەوا نیشانەی کرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵی (ی) لەهەمو کەسەکاندا دەرناکەوێت، تەنیا لەکەسی سێیەمی تاکدا لەگەڵ مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستادا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

هاوردمە. (هێناومە)

هاوردیدە. (هێناوتە)

هاوردیە. (هێناویە)

هاوردیمنە. (هێناومانە)

هاوردنە. (هێناوتانە)

هاوردنە. (هێناویانە)

بەڵام نیشانەی کاتی ڕابردو (ا) بو، ئەوا نیشانەی کرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵی (ی) لەهەمو کەسەکاندا دەرناکەوێت، تەنیا مۆرفیمی (ە) دەردەکەوێت، ئەم مۆرفیمەش لەکەسی سێیەمی تاك لەشێوەی (س)دا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

ترسیامه. (ترساوم)

ترسیایده. (ترساوی)

ترسیاس. (ترساوه)

ترسیایمنه. (ترساوین)

ترسیانه. (ترساون)

ترسیانه. (ترساون)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کرداری ڕابردوی تەواوی بکەردیاری هەواڵی | ← ڕەگی ڕابردو + نیشانەی کات + | نیشانەی ڕابردوی تەواو (یـ) | + جێناوی لکاو + | مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/س) |

**یاسای ژمارە -٦-**

**٢- کرداری ڕابردوی تەواوی بکەرنادیاری هەواڵی:**

لەڕەگی ڕانەبردو و نیشانەی نادیاری (ری)و نیشانەی کاتی ڕابردو (ا)و نیشانەی کرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵی (یـ)و جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمو مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/س) پێکدێت، بۆ نمونە:

بریامە. (براوم)

بریایدە. (براوی)

بریاس. (براوە)

بریایمنە. (براوین)

بریانە. (براون)

بریانە. (براون)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کرداری ڕابردوی تەواوی بکەرنادیاری هەواڵی | ← ڕەگی ڕانەبردو | + نیشانەی نادیاری (ری) | + نیشانەی کاتی ڕابردو (ا) | + نیشانەی ڕابردوی تەواو (یـ) | + جێناوی لکاو + | مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/س) |

**یاسای ژمارە -٧-**

## ئەنجامەكان:

١- دەنگی ناوبڕی (س) لەنێوان (ە)ی مۆرفیمی كاتی ئێستاو (ە)ی پاشگری (ەو)دا لەكرداری ڕابردوی تەواوی داڕێژراوی هەواڵیدا دەردەكەوێت.

٢- دەنگی ناوبڕی (س) لەنێوان (ە)ی مۆرفیمی كاتی ئێستاو (ە)ی جێگرەپێشناو لەكرداری ڕابردوی تەواوی هەواڵیدا دەردەكەوێت، بەمەش ناو یا جێناوی كەسی یا ئاوەڵكرداری شوێنی وەك فرێزێكی پێشناوی دەكەوێتە كۆتایی كردارەكەوە.

٣- مۆرفۆفۆنیمی كاتی ئێستا (س) بەشداری لە داڕشتنی كرداری بونی بونایەتی بۆ ئێستا دەكات، بەڵام لە هەمو كەسەكاندا دەرناكەوێت، تەنها لەكەسی سێیەمی تاكدا دەردەكەوێت، بەمەرجێ تەواوكەرەكە بەدەنگێكی بزوێن كۆتایی هاتبێت.

٤- مۆرفۆفۆنیمی (س) لەهەمو كەسەكانی داڕشتنی كرداری بونی هەبون بۆ ئێستا دەردەكەوێت.

٥- مۆرفۆفۆنیمی (س) تەنها لەكەسی سێیەمی تاك لەداڕشتنی كرداری بونی هەیی بۆ ئێستا دەردەكەوێت.

٦- هەروەها مۆرفۆفۆنیمی (س) بەشداری لەداڕشتنی كرداری ڕابردوی تەواوی بكەردیارو بكەرنادیاری هەواڵیدا دەكاتو تەنها لەكەسی سێیەمی تاكدا دەردەكەوێت، بەمەرجێ نیشانەی كاتی ڕابردو (ئەلف) بێت.

## پەراوێزەكان:

(1) Crystal, D. (1991: 225).

(٢) بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨: ١٠٢).

(٣) بڕوانە: ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٩: ٤٧-٦٠).

(٤) دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی (٢٠٠٠: ٨٢).

(٥) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ٢١٢).

(٦) شایانی باسە ناوبڕی (س) لەدیالێكتی كرمانجیی خوارو (لوڕی) بەرامبەر بەناوبڕی (ت) لەدیالێكتی ناوەڕاستدا بەكاردێت، بەڵام عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ وای دەربڕیوە، كە پیتی (ی) لەدیالێكتی ناوەڕاستدا بەرامبەر بەپیتی (س) لەدیالێكتی لوڕیدا بەكاردێت. [ بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ٨٥).]

(٧) عەبدولوەهاب خالد موسا ڕای وایە، كە دەنگی (س) مۆرفیم نییە، چونكە گۆكردنو نەكردنی كار لەواتا ناكاتو دەشێ گۆبكرێ یان نەكرێو هەندێ جار گۆدەكرێو هەندێ جار گۆناكرێ، وەك:

| فرێزی ناوی | ڕەگی (هەبون) | م. ئێستا | جێناو |
|---|---|---|---|
| من | Ø | Ø | م |
| تن | Ø | Ø | ی |
| ئەو | Ø | ە(س) | Ø |

پاشان ئاماژەی بۆ دەركەوتنی دەنگی (س) كردوەو دەڵێ: (ئەگەر فرێزە ناویەكە لەكەسی سێیەمی تاكدا كۆتایی بەدەنگێكی بزوێنیش هاتبو، پێویستی بەدەنگی (ی) ناوبڕ ناكات. بەڵام دەنگی (س) دەردەكەوێو مۆرفیمی (ە)ی كاتی ئێستا دەكاتە سفر (Ø)، وەك:

| فرێزی ناوی | ڕەگی (هەبون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناو |
|---|---|---|---|
| ئەو | Ø | ە (س) | Ø |
| برا | Ø | Ø س | Ø |
| زاخۆ | Ø | Ø س | Ø |
| ئاکرێ | Ø | Ø س | Ø |
| شەقلاوە | Ø | Ø س | Ø |

[ بڕوانە: عەبدولوەهاب خالد موسا (٢٠٠٠: ٩٠-٩١) ]

لێرەدا چەند خاڵێك دەخەمەڕو:

١- لەدیالێکتی لوڕیو شێوەزاری خانەقیدا لەکەسی سێیەمی تاکدا (ئەوەس یان ئەوس) بەکارناهێنرێت، بەڵکو (ئەوە) بەکاردێت، بۆ نمونە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | ڕەگی (هەبون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناو |
|---|---|---|---|---|
| منم | من | Ø | Ø | م |
| توی/تنی | تو/تن | Ø | Ø | ی |
| ئەوە | ئەو | Ø | ە | Ø |
| ئیمەین | ئیمە | Ø | Ø | ین |
| ئیوەن | ئیوە | Ø | Ø | ن |
| ئەوانن | ئەوان | Ø | Ø | ن |

٢- دەرکەوتنی دەنگی (س) لەداڕشتنی کرداری ناتەواوی (بین)دا، بەر هیچ یاسایەکی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی ناکەوێت، بەو واتایەی کە دەنگی (س) لەنێوان دو دەنگی تردا دەربکەوێت، چونکە تەواوکەر کۆتایی بەدەنگێکی بزوێن هاتوەو ڕەگی کرداری (بین) دەبێتە سفر (Ø)و جێناوە لکاوەکەش لەکەسی سێیەمی تاکدا سفرە (Ø)، ئیتر ئەو دەنگە چۆن پەیدا دەبیٚو لەنێوان دو دەنگی چیدا دەردەکەوێت، بەڵکو ئەو (س)ە مۆرفیمی کاتی ئێستایە، بۆ نمونە:

| ڕستە | فرێزی ناوی | تەواوکەر | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | جێناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەو ئازاس | ئەو | ئازا | Ø | س | Ø | (ئەو ئازایە) |
| ئەیە عەمەڵەس | ئەیە | عەمەڵە | Ø | س | Ø | (ئەمە کرێکارە) |

**سەرچاوەکان:**

١- ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٩)، ناوبڕ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری گیرفان، ژمارە (١٤و١٥).

٢- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان . زانکۆی سەلاّحەدین.

٣- دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان . زانکۆی سلێمانی.

٤- عەبدوڵلاّ حوسێن رەسولْ (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا.

٥- عەبدولوەهاب خالد موسا (٢٠٠٠)، ڕێزمانی بونو هەبون لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب . زانکۆی سەلاحەدین.

٦- وریا عومەر ئەمین (١٩٩٥)، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نویْ، ژمارە (١٣٦).

7- Crystal, D. (1991), A dictionary of Linguistics and phonetics, 3rd edition, Black Well: Oxford.

## الخلاصة

عنوان البحث هو مورفوفونيم (س) في اللهجة الخانقينية، فيُعْنى هذا البحث بتحليل وعرض ووظيفة وأثر مورفوفونيم (س) على مستويى علم الاصوات والصرف. لأن هذا الصوت يفصل بين صوتينِ من أصوات العلة، وتعتبر هذه القاعدة من إحدى قواعد الأصوات في الغة الكردية، وتسمّى نشأة الصوت.

ويخلص هذا مورفيم للزمن الحاضر، ويساهم في تركيب بعض الأفعال، وقد قام هذا البحث ببيان ذلك، وفي الخاتمة توصل البحث إلى مجموعة من النتائج.

## Abstract

This dissertation which entitled "***Morphophonemic (س) in Khanaqi Subdialect***" is devoted to analyses and explains the function and the role of the morphophonemic (س) in both its phonological and morphological levels with the relation to its syntactic level. Being one of the phonological rules in Kurdish, the phoneme /س/ appears as an intrusive /س/ between two vowels and this known as the finding of sound. Then the /س/ functions as a morpheme indicating present tense and it participates in the construction of some verbs. Finally this paper ends up with some conclusions.